وەزارەتی بەرگریی سووریا زانیاریی نوێی لەبارەی هێرشەکەی سەر دیمەشق بڵاوکردەوە

وەزارەتی بەرگریی سووریا، ڕایگەیاند، شوێنی ئەو مووشەکانەی دەستنیشان کردووە کە شەوی ڕابردوو بە سەر گەڕەکی مەزەی دیمەشق هاوێڕابوون.

شەممە، 15ـی تشرینی دووەم 2025، بەڕێوەبەرایەتیی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی وەزارەتی بەرگریی سووریا، ڕایگەیاند "دوێنێ شەو، لە دەوروبەری دیمەشقەوە بە دوو مووشەکی جۆری کاتیشا هێرش کرایە سەر گەڕەکی مەزە و لە ئەنجامدا چەند هاوڵاتییەک بریندار بوون و زیانی ماددیش بەر گەڕەکەکە کەوتووە."

لە ڕاگەیەنراوەکەدا هاتووە "وەزارەتی بەرگری بە هاوکاریی لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ، دەستیان بە لێکۆڵینەوە دەربارەی ئەم دەستدرێژییە تاوانکارییە دەست پێ کردووە و بەگژ سەرەتاییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە مووشەکەکان لە ناوچەی 'کفرسووسە'ی نزیک دیمەشقەوە بە سەر گەڕەکی 'مەزە 86'ـی پایتەخت، هاوێڕاون."

وەزارەتی بەرگریی سووریا، هەڕەشە لە بکەرانی ئەم هێرشە دەکات و دەڵێت: هەموو توانایەکمان بۆ بەرگریی لە شوێندانی ئاسایشی دیمەشق و پاراستنی گیانی هاوواتیانی سووریا، دەخەینە کار.